### كچانی كوردی ئەنفال كراو لەسەماخانەكانی میسردا

# كوردێكی كوێتی لە مەلهایەكی قاهیرە قسە لەگەڵ ئافرەتە كوردە ئەنفالكراوەكان دەكات

**شێخ عومەر- لەندەن**

لەنێوەڕاستی شاری لەندەن لەجادەی ئەجوەر رۆدەوە تا ماربل ئارچ رێژەیەكی بەرچاو كۆگاو چێشتخانەو چایخانەی عەرەبی هەن و هەندێك لەوانە هی كوردە كوێتیەكانن ئەو كوردانە هەرچەندە هێشتا بەزمانێكی چەپەرەكی كوردی قسە دەكەن، بەڵام زۆر كەوتوونەتە ژێر كاریگەری داب و نەریتی عەرەبان.

كوردانی كوێت لەدوای گیرانی دەوڵەتۆكەی كوێتەوە لەلایەن عێراقی دراوسێیەوە دەركەوتوون، خەڵكی كورد پێش ئەو كاتە ئاشنایەتیەكی ئەوتۆیان دەربارەیان نەبوو هەر بۆیەش زۆرجار بەكوردانی سەر مانگ ناو دەبرین لەهەمان كاتدا سۆزو ئارەزوویەكی زۆریشیان بۆ سەددامی دیكتاتۆر هەیەو رقیان لەدەوڵەت و ئەمیری كوێتە. ئەو رقەش نەك لەبەر ئەوەی كە كوێت وڵاتێكی عەرەبیەو عەرەبیش دوژمنی كوردن، بەڵكو تەنیا لەبەر ئەوەی كوێت جنسیەی كوێتی نەداوە پێیان و دەریكردوون. ئەو كوردانە رێژەیەكیان پێش دامەزراندنی دەوڵەتی كوێت واتە لەچلەكانەوە لەوێ بوون و كاریان لەكۆمپانیا نەوتییەكانی ئینگلیز كردووەو لەناوچەكانی عەلی شەرقی و عەلی غەربی و بەدرەو جەسان و زرباتیەو خانەقین و مەندەلیەوە كۆچیان بۆ ئەوێ كردووە.

چێشتخانەی (برج العرب) یەكێكە لەوانە كە خاوەنەكەی كوردی كوێتەو زۆربەی شاگردەكانی كوردی باشووری كوردستانن و كڕیارەكانی بەزۆری كوێتی و خەلیجین.

شەوێكی زستانی ساڵی 2003 لەتەنیشت كورسیەكەی منەوە خالید ناوێك كە ئەویش كوردی كوێتی بوو بەدەم نێرگەلە كێشانەوە رووی تێكردم و گوتی: ئێوە بۆ رقتان لەعەرەبە؟ گوتم ئێمە رقمان لەكەس نییە ئینسانەكان هەموو بەڕێزن لای ئێمە، بەڵام ئێمە رقمان لەداگیركەرانی كوردستانە جا ئەو داگیركەرە لەهەر نەوەو نەژادێك بێت، گوتم ئەگەر یەكێك خوشك و دایكی تۆ بەتاڵان بەرێ و لەوڵاتانە هەڕاجیان كات ئەو كەسەت خۆش دەوێت؟ گوتی نەخێر. گوتم عەرەب وایان لەكورد كرد. گوتی (ئاوەڵا راست بێژی و من وەچاوی خۆم كچەكانی كورد دیم هال لەمیسر). گوتم كەی. گوتی: (لەساڵی 1992 وەك بەردەستی لەگەڵ شێخێكی كوێت كە بۆ رابواردن چووین، لەمیسر ئەو شێخ 160 هەزار دۆلاری لەقومار ربح كر "واتە بردەوە" مجموعە كەسێك لەویا بوون شێخ زۆر مەردبوو كول واحد هەزار دۆلار داپێیان. كەنشكەكان زۆر جوان بوون سوعال كریم خەڵك كوێن وە حەیات قورعان گوت ئێمە كوردین. گوتم ها چی ئەكەن لێرە، گۆت ئێمە فرۆشیاین لەلایەن حكومەتی عێراقەوە). گوتم ئەی باشە مەلهاكە ناوی چ بوو؟ لەكوێ و لەكام شاری میسر بوو گوتی: (مەلهاكە ناوی "**سەنسێت**"ە لەشارع زەمان لەقاهیرە).

بەڵێ بەڕێزان بێگومانم هەریەك لەبنەماڵەو كەسوكاری ئەو كچانە خاوەن حورمەت و كەسایەتی خۆیان بوون كەهیچ عەرەبێك حەدی نەبوو بگاتە ئاستی سەرەسمكی پیلاوەكانیان ئەمڕۆ لەسایەی عروبەوە كەرامەتیان مەزاد كرا.. هەر یەك لەو كچانە بێگومان پێش كارەساتی ئەنفال بۆ خواردنەوەی پەرداخە ئاوێك لەبەرامبەر براو باوكیدا رووی وەردەگێڕا هێندە هەڵگری ویقاڕ بوون، بێگومان هەریەك لەوانە پێش ئەوەی رەشەبای ئەنفال دواتنۆكی كەرامەتی كورد هەڵوەرێنێ هەتا سروشتیش پەنجەی بەگەجلانەی گۆمەمك و گۆنای هیچ یەك لەوانە نەبردبوو، بۆیە هیوا خوازین وەزیری دەرەوە پێش ئەوەی چاوەڕوانی ئافەرین نامەی كۆمەڵی دەوڵەتانی عەرەب

بێت لەبەرامبەر دامەزراندنەوەی عێراقی دوای بەعس، با سۆراغێکی شەرەفی مەزات کراوی میللەتێك بکات لەگەدەع خانە. با وەزیری مافی مرۆڤ کە کوردە ئەو ماف پێشێلکردنو شەرەف مەزاتکردنەی کورد لەبیر نەکات.

* بەپێی بەڵگەنامەی ژمارە (1601)ی (مديرية مخابرات محافظة التأميم) کە رۆژی 1989/12/10 دەرچووە لەسەر فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی موخابەراتی عێراقی 18 کچی ئەنفالکراوی تەمەن 14-29 ساڵی لەسەر داواکاری مەلهاکانی میسر نێردراونەتە ئەو وڵاتە.

* ئەم وتارە لە ژمارە 169 ی رۆژنامەی(میدیا) بڵاوکراوەتەوە.